National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێك لەبارەی

# کەرتی نەوت لە گەرمیان



2021-3-1

# پێشەکی:

گەرمیان خاکەکەی دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بە گوێرەی سەرچاوەکانی وزە یەدەگێکی زۆری نەوت و گازی سروشتی هەیە کە خەملێندراوە بە (٣،٦) ملیار بەرمیل نەوت. حەوت بلۆکی نەوتی لە خۆ دەگرێت، کاری دەرهێنانی نەوت و گازەکەی بۆ پێنج کێڵگە کراوە، هەندێکیان بەردەوامن و هەندێکیان راگیراون. لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر داتا و زانیاریەکانی دەرهێنانی نەوت لە سنورەکە و بڕی داهاتەکەی، سودمەندبونی ئەم ناوچەیە لەو داهاتە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ ئەم بوارە و هەروەها رۆڵی حکومەتی خۆجێی لە پرۆسەکەدا.

لیژنەی سامانە سروشتیەکان و وزە لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باس لەم پرسە دەکەن، هاوکات ئیدارەی ناوچەکە و چالاکوانان تێبینیەکانیان دەخەنەڕو.

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## یەکەم: باکگراوەندی نەوتی گەرمیان

### ١. کێڵگە نەوتیەکان و ژمارەی بیرەنەوتەکان و بڕی دەرهێنان تێیاندا

گەرمیان حەوت بلۆکی نەوتی لە خۆ دەگرێت، تائێستا کار لە پێنج بلۆکی نەوتیدا کراوە. ژمارەی ئەو بیرانەشی هەڵکەندراوە گەشتوەتە سەروی (٢٠) بیرە نەوت، ئەوانەشی لەم کاتەدا کاری دەرهێنانی نەوت و گازی تێدا دەکرێت (٤) بیرە نەوتن لە دو کێڵگەی نەوت.

**بیرە نەوتیەکان بەمشێوەیە دابەشبون:**

### أ. بلۆکی نەوتی گەرمیان

دەکەوێتە سنوری ناحیەی سەرقەڵای سەر بە کفریەوە، پێکدێت لە چوار بیرە نەوت (سەرقەڵا١، سەرقەڵا٢، سەرقەڵا٣ و سەرقەڵا٤). بیری ژمارە چوار لەمانگی ئازاری ئەمساڵ تەواو بوە.

ئەمە لەکاتێکدایە لە ساڵانی رابردو دەرهێنانی نەوت لەم بلۆکەدا لە (٢٤) کاتژمێردا هەندێکجار دەگەشتە (٣٦بۆ ٣٧) هەزار بەرمیل نەوت.

کێڵگەی نەوتی حەسیرە لە ساڵی (٢٠٠٦) کۆمپانیای زاگرۆس نەوتی تێدا دۆزیوە و لە ساڵی ٢٠١٦ کۆمپانیایی گازپرۆم نەفت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێڵگەکەی وەرگرت.

هەروەک بە گوێرەی سەرچاوەکانی وزە (پێشبینیەکان) حەوت تریلیۆن پێی سێجا گازی سروشتی لەم بلۆکە نەوتیەدا هەیە.

پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەم شێوەیە دابەشبون، گازپرۆمی روسی (٤٠٪)، وێستەرن زاگرۆسی کەنەدی (٤٠٪)، حکومەتی هەرێم (٢٠٪).

### ب. بلۆکی نەوتی چیاسورخ

دەکەوێتە سنوری ناحیەی قۆرەتو، ئەگەرچی ئەم ناحیەیە سەر بە قەزای خانەقینە، بەڵام بەوپێیەی لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەشێکی زۆری ئازادکراوە، ئیدارەدانی لەسەر هەرێمی کوردستانە و راستەوخۆ پەیوەستە بە ئیدارەی گەرمیانەوە.

لەم بلۆکە نەوتیەدا ٩ بیری کۆن هەیە، کە لە ساڵی ١٩٠٢ تا ١٩٥٤ لەلایەن (ئەنگلۆ-پێرژەن) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی بەریتانی-ئێرانیە کاری تێداکراوە، لە کۆتای ساڵی ٢٠٠٩ کۆمپانیای (GGFZ)ی چینی کاری بەدواداگەرانی بۆکرد (سایزمیک)، بەسەرپەرشتی کۆمپانیای جەنەڵ ئینێرجی (تورکی-بەریتانی) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢، بیری ژمارە (١٢،١١،١٠) تێدا لێدراوە.

یەکێک لەگرفتەکانی ئەم بلۆکە نەوتیە ئەوەیە کاری دەرهێنانی دراوە بە چەند کۆمپانیایەک کە ئەزمونیان کەمە و بە بەردەوامی گرفتیان بۆ دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی دەرهێنانی نەوتەکەیدا ئاو و نەوت پێکەوە تێکەڵ دەبن، بەمەش تێچوی زیاتری دەوێت، دەبێت بنێردرێت بۆ پاڵاوگە بۆ جیاکردنەوەیان.

بەرهەمی رۆژانەی ئەم بلۆکە نەوتیە لە ئێستادا بەپێی زانیارییەکان لە نێوان (١٥٠٠-٢٠٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە، چاوەڕوان دەکرێت تا ناوەڕاستی ئەمساڵ بەرهەمی رۆژانەی بگاتە چوار هەزار بەرمیلی رۆژانە.

دابەشکردنی پشکەکانی ئەم بلۆکە نەوتیە بەم شێوەیە، پیت ئۆیل (٦٠٪)، جینەڵ ئینرجی (٢٠٪)، حکومەتی هەرێم (٢٠٪).

### ت. بلۆکی نەوتی تۆپخانە

ئەم بلۆکە نەوتیە دەکەوێتە سنوری ناحیەی بەمۆ کاری گەڕان و پشکنین لەم بلۆکە بەردەوامە و تا ئێستا بەرهەمی نەبوە، بەڵام بە پێی پێشبینیەکان ٥٥ ملیۆن بەرمیل نەوت یەدەگی هەیە و یەدەگی گازەکەشی بە تریلۆنێک و حەوت سەد پێی سێجا خەملێنراوە.

## پ. بلۆکی نەوتی کوردەمیر

دەکەوێتە نێوان سنوری ناحیەی شێخ تەویلی سەر بە کەلار و سەنگاوی سەر بە چەمچەماڵەوە. ئەم بلۆکە نەوتیە بەرهەمی گازی لە نەوتی رەش زیاترە، پێکهاتوە لە ٦ بیرە نەوت ئەوانەش ئەمانەن: (k١ , k٢ , k٣ , k٤، k٣٩، k٤٤). لە ئێستادا قوفڵ لە بیرەکانی دراوەو کاری دەرهێنانی بۆ ناکرێت.

بەپێی سەرچاوەکانی وزە ئەم کێڵگەیە ٥٤١ ملیۆن بەرمیل نەوت یەدەگی هەیە، هەروەک ٢ تریلیۆن پێی سێ جا غازی سروشتی هەیە.

ئەم بلۆکە نەوتیە یەکێکە لەو بلۆکە نەوتیانەی کۆمەڵێک گرفتی قوڵی تێدایە کە باس لەوە دەکرێت سەروەری نەوتی هەرێمیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم بلۆکە نەوتیە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی وێسترن زاگرۆسی کەنەدی بو کە دواتر پشکەکانی فرۆشتەوە بە کۆمپانیای تالیسمان، دواتریش هەردو بیرە نەوتی (k٣٩، k٤٤) فرۆشتەوە بە ریپسۆڵی ئیسپانی، کۆمپانیا ئیسپانیەکەش بلۆکەکەی فرۆشتوەتەوە بە دایناسیتی پترلیۆم، کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە و لە سلێمانیە، بەڵام وەزیری پێشوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم ئاشتی هەورامی، واژوی کۆتای بۆ رادەستکردنی بلۆکە نەوتیەکە بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکە نەکرد، کە دواتر کۆمپانیای دایناسیتی لە دادگای باڵای بەریتانیا سکاڵای لەسەر حکومەتی هەرێم تۆمار کردوە و داوای ملیارێک و شەسەت ملیۆن دۆلار دەکات وەک قەرەبو، پاش چەند جارێک دانشتنی دادگا لەو بارەیەوە بریارە لە چەند مانگی داهاتو دادگایی باڵای بەریتانیا لەو بارەیەوە بریار بدات.

لە ئێستاشدا دوبارە بلۆکە نەوتیەکە دراوەتەوە کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس و بریارە لە داهاتویەکی نزیکدا دوبارە تێیدا دەستبەکاردەبێتەوە.

## ج. بلۆکی نەوتی تازە

پێکهاتوە لە ٣ بیرە نەوت، کاری دەرهێنان تێیدا شکستی هێناوە، چونکە نەوتەکەی لە جۆری سوێر و قورسبوە.

نەوت دو جۆری هەیە: سوێر و قورس «سوک و شیرین»، ئەو بیرە نەوتیانەی کە بەرهەمەکەی لە جۆری سوێر و قورسە پێویستی بە خەرجی زۆر دەبێت، چونکە دەبێت لە پاڵاوگە کاری جیاکردنەوەی نەوت و ئاوی بۆ بکرێت، ئەو بیرە نەوتیانەی بەرهەمەکەی لە جۆری سوک و شیرینە باشترین جۆری نەوتە.

## د. بلۆکی نەوتی شاکەل

دەکەوێتە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری. دوای چەند ساڵێک کارکردن لێی و هەڵکەندنی سێ بیر تێیدا، سەرئەنجام گازپرۆمی روسی ساڵی ٢٠١٩ ئەو بلۆکەی رادەستی حکومەت کردوە.

بلۆکی نەوتی شاکەل سێ بیری تێدا هەڵکەندرابو (شاکەلی یەک، شاکەلی دو و شاکەلی سێ) هەرسێ بیرەکەشی شکستیان هێنابو، بەپێی زانیارییەکان هۆکارەکەی خراپی کوالیتی و کەمی نەوت بوە لەو بلۆکە نەوتییەدا.

بە پێی زانیارییەکان لە شکستهێنانی ئەو بیرە نەوتیانەدا نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار زیان بەر کۆمپانیای گازپرۆم و حکومەتی هەرێم کەوتوە، کە پشکەکانی ئەو بلۆکە نەوتیە (٨٠٪)ی هی کۆمپانیا روسیەکەیە و (٢٠٪)ی هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

## ٢. بری دەرهێنانی نەوت

بری دەرهێنانی نەوت لە نەبونی ئاماری فەرمی دا وایکردوە دەیان ژمارەی جیاواز لەو بارەیەوە باسبکرێت، بەڵام بەگشتی بەرهەمی رۆژانەی نەوتەکەی گەرمیان لە نێوان (٣٠_٣٥) هەزار بەرمیل دەخەمڵێندرێت.

حکومەت لەرێگەی کۆمپانیای دیلۆیت، سێ مانگ جارێک بریار بو ئامارەکانی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئێستا ساڵێک دوای دەرهێنان ئامارەکان بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داتای نەوتی گەرمیان بە ناڕونی ماوەتەوە.

دیلۆیت تەنها وردبینی لە ژمارە دەکات نەک لە داتای راستەقینە، پەیوەندی راستەوخۆی نییە لەگەڵ کێڵگەکان، تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو ژمارانە دەکات کە لە حکومەت وەریدەگرێت.

هەروەک شێرکۆ جەودەت، ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان وتی: ئەو زانیاریانەشی کە حکومەت جار جارە بڵاوی دەکاتەوە لەرێگەی کۆمپانیای دیلۆیت، کۆنن، چونکە زانیاری ساڵی پێشتر بڵاودەکاتەوە، گەندەڵیەکیش بەدەربکەوێت بە ئاسانی چارەسەرناکرێت، چونکە ساڵێکی بەسەردا تێپەریوە و رۆشتوە.

لە راپۆرتەکانی دیلۆیت دا، داتای گشتی نەوتی هەرێم بڵاوکراوەتەوە، بە نسبەت گەرمیانەوە قسەی جیاواز دەکرێت لە بارەی بری دەرهێنانی نەوت.

بە پێی زانیاریەکانی کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا سەروی ٣٠ هەزار بەرمیل نەوت لە گەرمیان دەرهێنانی بۆ دەکرێت لە کێڵگەی نەوتی گەرمیان و چیاسورخ. دەشڵێت: ئەو داتایانەی حکومەت باسی دەکات «جێگەی باوەڕ نیە».

بە وتەی بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، بری دەرهێنانی نەوت لە ‹بلۆکی نەوتی گەرمیان› کە دەکەوێتە سنوری ناحیەکەیانەوە، رۆژانە لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار بەرمیل نەوت دەگۆرێت، لە ئێستاشدا بیری ژمارە چوار لە ژێر تێستدایە بۆ ئەوەی بزانرێت نەوتەکەی چ جۆرێکە بۆ ئەوەی دەست بە دەرهێنانی بکرێت.

کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە کوردستان وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش ئامادەنین هیچ زانیاریەک لەو بارەیەوە بخەنەرو، ئەو کارمەندانەشی کە گرێبەستی کاریان لەگەڵ واژۆ دەکرێت، لە خاڵێکی گرێبەستەکەیان ئاماژە بەوەکراوە نابێت هیچ زانیاریەک باس بکەن.

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ئەوەی دەستی کەوتوە لە بارەی دەرهێنانی نەوت لە گەرمیان زیاتر لە ٣٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا.

## دوەم: داهاتی نەوتی گەرمیان

### ١. داهاتی نەوتی گەرمیان لە ساڵی ڕابردو

بە گوێرەی کۆتا ڕاپۆتی دیلۆیت کە مانگی کانونی دوەمی ئەمساڵ بڵاویکردەوە و داتای ٩ مانگی ساڵی ٢٠٢٠ی ئاشکراکردبو، تێیێدا تێکڕای نرخی فرۆشتنی نەوتی هەرێم لەو نۆ مانگەدا، (٣٣٩ ,٢٦$) دۆلار بوە، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت (٧٣ ,٣٨$) دۆلارە، بەمەش هەرێم (٧٣ ,١١$) دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت نەوتەکەی فرۆشتوە.

بۆ ئەمەش ئەو نرخە هەژماردەکەین کە حکومەتی هەرێم نەوتەکەی پێی فرۆشتوە، لە ئەنجامدا داهاتی ساڵی ڕابردوی نەوتی گەرمیان ئەگەر بە ٣٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەو بە نرخی (٣٣٩ ,٢٦$) دۆلار هەژماری بکەین، دەکاتە (٢٨٨٤١٢٠٥٠$) دوسەدو هەشتا و هەشت ملیۆن و چوارسەد و دوازدە هەزار و پەنجا دۆلار.



### ٢. چەند لەو داهاتە بۆ گەرمیان خەرجکراوە؟

ساڵانە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت بە پێی یاسای نەوت وغازی هەرێم چەند پرۆژەیەکی پەرەپێدان ئەنجام دەدەن لەو ناوچەیەی کە کاری تێدادەکەن پرۆژەکانیش بچوک و گەورەن.
خەرجکردنی داهاتی نەوت بۆ ئەو ناوچانەی دەرهێنانی نەوتی تێدا دەکرێت بێ بەرنامەیی زۆری پێوەدەیارە، بەشێوەیەک دەوترێت ئەوە «پارە بە هەدەردانە».
وەهاب ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، ئاماژەی بەوەکرد، ئەوەی دەکرێت لە گەرمیان تەنها پارە بە هەدەردانە، وتیشی: دەکرێت سندوقێکی داهاتی نەوت لە لایەن ئیدارەی گەرمیانەوە دابنرێت ساڵانە کۆیبکاتەوە و بیکاتە پرۆژەیەکی باش، نەوەک هەندێک شتی بچوک کە هیچ کاریگەریەک دروست ناکات، باخچەیەکی بچوک چی دەکات؟ دەبێت پلان بۆ ئەو پارەیە دابنرێت.
بۆ ئەمەش پێشنیار دەکات لە ئاستی باڵای گەرمیان کۆبونەوەی بۆ سازبکرێت ئەپدەیتی پرسی نەوت بکرێت و ئیدارەی گەرمیان ڕاستەوخۆ لە گەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ بکات.
شەش ساڵ پێش ئێستا لە ڕێگەی پڕۆژەیەکەوە ئیدارەی گەرمیان، داوای کردوە ئاگاداری داهاتی فرۆشتنی نەوتی ناوچەکەی بێت و بەشێک لەو داهاتەی بۆ خەرج بکرێت.
نەجم عەبدوڵڵا، لێپرسراوی بەشی سوتەمەنی لە ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت: ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تەنها یەک جار بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاریان لە داهاتی نەوت بۆ گەرمیان خەرج کردوە.
ئەو پەرەپێدانانەی کە ئەرکی کۆمپانیاکەیە بۆ ناوچەکە ئەنجامی بدات، خۆی دەبینێتەوە لە: چاککردنی ڕێگاوبانەکان بەهۆی تێکچونیان لەکاتی گواستنەوەی نەوت بە تانکەر، دروستکردنی باخچەو زیادکردنی سەوزایی بۆ برەودان بە ژینگەی ناوچەکە، دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی ناوەندە تەندروستیەکان، لەگەڵ چەندین پڕۆژەی دیکە.
بە گوێرەی زانیاریەکان، کۆمپانیای گاز پرۆمی روسی کە دیارترین کۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوتە لەگەرمیان، ساڵانە بڕی (١٠ — ١٥) هەزار دۆلار بۆ پڕۆژە لە ناوچەی گەرمیان خەرج دەکات. لە کاتێکدا دەبێت کۆمپانیاکە ساڵانە ٦٠٠ هەزار دۆلار بۆ ملیۆنێک دۆلار بکاتە پرۆژە، بەڵام بەهۆی چاودێر نەبونی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەسەر کۆمپانیاکەوە ئەو پارانەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ساڵێکی دیکە و بەو شێوەیەش خەرج ناکرێت.

## ٣. وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بڕیارێکی نوێ بۆ گەرمیان دەردەکات

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئاماژە بەودەکات تێبینی زۆریان هەبو لە بارەی ئەو پرۆژانەی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت لە سنورەکە جێبەجێیان کردوە و دەڵێت: پرۆژەکان بچوک بون، هیچ کاریگەریەکی بەرچاویان نەبو، رەخنەمان زۆر هەبو لەسەر ئەو پرۆژانە تێچویان لە نێوان (٧) هەزار دۆلار بۆ (١٠) هەزار دۆلار بو، بۆیە بڕیارماندا کە رەزامەند نەبین بە هیچ پرۆژەیەکیان، بەهۆیەشەوە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بڕیارێکی نوێ تایبەت بە گەرمیان دەردەکات.

جەلال شێخ نوری، دەڵێت: «پرۆژە بچوکەکانیان جێبەجێکردوە و گەورەکانیان بەهەند وەرنەگرتوە». تێچوی پرۆژە بچوکەکان لە (٧) هەزار دۆلارەوە دەستی پێکردوە تاوەکو (١٠) هەزار دۆلار، پرۆژە گەورەکانیش لە (٥٠٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (٢) ملیۆن دۆلاربوە کە داوایان کردوە بۆیان بنێردرێت.

دوای ئەوەی ئیدارەی گەرمیان هەڵوێست وەردەگرێت بەرامبەر کۆمپانیاکان بەوەی کە رەزامەندی نادەن لە سەر پرۆژەکانیان ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن، سەرئەنجام وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دێتە سەرخەت.

«لە کۆبونەوەکەدا بڕیارماندا خەرجکردنی پارەی پرۆژەی پەرەپێدانی کۆمپانیاکان بکرێت بە ساڵانە کە بۆ ئەمساڵ بەهۆی نزمی نرخی نەوتەوە ٥٠٠ هەزار دۆلارمان دیاری کردوە بۆ ئەوەی لە گەرمیان پرۆژەی پێ ئەنجام بدەین». سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان وای وت.

ئەو نرخەی دیاری کراوە بە (٥٠٠) هەزار دۆلار جێگیر نیە، ساڵانە دەگۆڕێت بە پێی نرخی نەوت و بڕی دەرهێنان و پێویستی ئەو پرۆژەیەی کە لەو ساڵەدا بەو داهاتە جێبەجێ دەکرێت.



**بیرە نەوتەکانی سەرقەڵا بلۆکی گەرمیان**

## ٤. سندوقی داهاتی نەوتی گەرمیان

دوای شەش ساڵ لە واژۆکەی سەرۆکی هەرێم بۆ یاسای سندوقی داهاتی نەوت و گاز، بەڵام یەک دۆلاری تێنەچوە.

رێکەوتی (١ی نیسانی ساڵی٢٠١٥) پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی دەرکرد، دوای ١٥ رۆژ سەرۆکی هەرێم واژۆی یاساکەی کرد، بڕیاری جێبەجێکردنیشی ٤٥ رۆژی بۆ دیاری کراوە لە یاساکەدا.

لە بەشی پێنجەمی تایبەت بە دابەشکردنی داهاتەکان لە خاڵی دوەم بڕگەی ٧ی یاساکەدا هاتوە: «تەرخانکردنی بڕی (٢$) دو دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی بەرهەم هاتو، وەک پیترۆ دۆلار بۆ هەر قەزایەک کە نەوتی لێدەردەهێندرێت».

ئەگەر داتاکەی ساڵی رابردوی فرۆشتنی نەوت وەربگرین ئەگەرچی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گەشتە نزمترین ئاستی خۆی، ئەوا لە ساڵی رابردو دەبوایە گەرمیان لەو بڕەی کە نەوتی هەناردەکراوە (٢١, ٩٠٠, ٠٠٠$) بیست و یەک ملیۆن و نۆسەد هەزار دۆلاری بۆ خەرج بکرایە.

لە سنوری گەرمیان ٧٢ پرۆژەی راگیراو هەیە کە کارەکانیان وەستاوە و بەشێوەیەک هەندێکیان زیاتر لە هەشت ساڵ دەبێت، ئەو پرۆژانە ٨ دانەیان بەناوی پارەی پترۆ دۆلارەوە بوجەی بۆ تەرخانکراوە.

لە بارەی ئەوەی ئەو بوجەیە تایبەت بو بە داهاتی سندوقی نەوت وگاز، جەلال شێخ نوری، ئەوەی خستەڕو کە لە ماوەی رابردو لەژێر ناوی وەبەرهێنان، پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، پترۆ دۆلار، پرۆژەکان جێبەجێکراوە، بەڵام ئەو پترۆ دۆلارە پەیوەندی بە سندوقی داهاتە نەوتیەکان نەبوە، ئێستا کار بۆ ئەوەدەکرێت بە بڕیارێکی فەرمی لەکاتی پەسەند کردنی بوجە سەرجەم ئەو ناوانە لاببرێت.

## سێیەم: شەفافیەت لە دۆسیەی نەوتی گەرمیان

### ١. ئیدارەی گەرمیان ئاگاداری دۆسیەی نەوتی ناوچەکە نیە

ئیدارەی گەرمیان جەختدەکاتەوە کە ئاگاداری دۆسیەی نەوت نین، بەڵکو ئەو کارە بەشێوەیەکی مەرکەزیی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە ئیدارە دەدرێت و وەزارەتەکەش هیچ بەرپۆبەرایەتیەکی تایبەت بە بواری پشکنین و بەدواداچون و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی نیە لە سنورەکەدا.

جەلال شێخ نوری، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت: هیچ ئاگاداری دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی نین، ئەگەر ئاگاداری ببین و بەشێک لە داهاتەکەی بۆ ئەم ناوچەیە خەرج بکرێت کاریگەری زۆرباشی دەبێت، بەڵام لەو سندوقەی کە باسکراوە دانەنراوە تا داهاتی لێ سەرفبکرێت بۆ پرۆژە.

### ٢. پارلەمانتارانیش ئاگاداری دۆسیەی نەوتی گەرمیان نین

«ناهێڵن بەهیچ شێوەیەک ئێمە بچینە ناو کێڵگە نەوتیەکان». ئەمە قسەکانی شێرکۆ جەودەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، کە باسی لەوەکرد نەک کێڵگە نەوتیەکانی گەرمیان، بەڵکو ئاگاداری دۆسیەی نەوت بە گشتی نین، ئەمەش لەکاتێکدایە لە یاسای ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧ هاتوە: دەبێت پەرلەمان چاودێر بێت بەسەر نەوتی هەرێم و سندوقی داهاتەکەی و داتاکانی دەبێت بە رونی بخرێتەڕو بۆ هاوڵاتیان.

ئەم رێگەنەدانە لەکاتێکدایە کە شێرکۆ جەودەت، کە ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکانە لە پەرلەمانی کوردستان وتی: لەبەر ئەوەی یاسا سەروەر نیە، رێگری لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان دەکرێت، لەوەش گەورەتر هەندێک گرێبەستی نەوتی هەیە پێویستی بە دەستکاریی کردنە، لە بەر ئەوەی زیانی گەورەی بە سەروەت و سامانی هەرێمی کوردستان گەیاندوە، بەڵام رێگری دەکرێت لەوەی دەستکاری ئەو گرێبەستە نەوتیانە بکرێت، کەرتی نەوت و گاز کەرتێکە تەواو قۆرغکراوە و لە بەرژەوەندی میلەتدا نیە، بەڵکو لە بەرژەوەندی چەند دەسەڵاتدارێکی ئەم هەرێمەیە.

پێیشوایە رێگریەکان بۆ ئاشکرانەبونی دۆسیەکانە، وەکخۆی وتی: «ئەگەر ئێمە بچینە ئەو کێڵگە نەوتیانە زۆرێک لە راستیەکان ئاشکرادەبێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان زۆر بەناشەفافی بەڕێوەدەبرێت».

### ٣. ئەنجومەنی پارێزگاش ئاگاداری دۆسیەی نەوت نیە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باس لەوەدەکات هاوشێوەی پەرلەمان ئاگاداری دۆسیەی نەوت و گاز نین، ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی یاسای ژمارە (٣ ساڵی ٢٠٠٩) ئەنجومەنی پاریزگاکان ئەبێت چاودێر بێت بەسەر حکومەت و کۆمپانیاکانی سنوری دەسەڵاتی.

کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی: ئێمە لە ئەنجومەن نە ئاگاداری دۆسیەی دەرهێنانین نە فرۆشتنی نە گواستنەوەی نەوت، ئەوەی هەیە زانیارییە لامان، حکومەت رێگە نادات پرۆسەی نەوت شەففاف بێت ئەمەش رونە هۆکارەکەی بۆ گەندەڵی دەگەڕێتەوە.

### ٤. دەسەڵاتی حکومەتی خۆجێی گەرمیان بەسەر نەوتەکەیدا

بەوتەی بەرپرسانی ئیداری لە گەرمیان هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر کێڵگە نەوتیەکان و ئەو کۆمپانیایانەدا نیە کە کە کاری تێدا دەکەن.

گرێبەست و ئەرکی چاودێری ئەم کێڵگە نەوتیانە بە وتەی یادگار فەتاح، بەرپۆبەری نەوت کانزاکانی گەرمیان لە دەسەڵاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە.

نەجم عەبدوڵڵا، بەرپرسی بەشی سوتەمەنی ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: نە ئاگامان لێیە چۆن دەردەهێندرێن، نە لە چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ کوێ دەبرێت و بەچەند دەفرۆشرێت، تەنها پاراستنیان لای ئیدارەی گەرمیان و دامەزراندنی هەندێک کرێکار لە دەسەڵاتی بەرێوبەری ناحیەکاندایە.

### ٥. وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زانیاری بە راگەیاندنەکان نادەن

لەدەستپێکی ئامادەکردنی راپۆرتی یەکەی چاودێرییەوە تا بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و ناردنی پەیامەوە هەوڵیدا بۆچونی بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەبارەی ئەو گرفتانەوە وەربگرێت کە خراونەتەڕو لە راپۆرتەکەدا، بەڵام بەرپرسانی وەزارەت ئامادەی قسەکردن نەبون و وەزارەتەکەش وتەبێژی نیە!

## چوارەم: گرفتەکانی دۆسیەی نەوتی گەرمیان

### ١. نەوت سەرچاوەیەکی بچوکی هەلی کارە بۆ دانیشتوانی گەرمیان

«ئەو حزبانەی نوێنەرایەتی گەرمیان دەکەن نەیانتوانیوە پرسی نەوتی سنورەکە بە قازانجی خەڵکەکەی یەکلابکەنەوە» . کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وادەڵێت.
ئاماژەی بەوەشکرد: یەک دەنگی حزبە هەڵبژێردراوەکانی سنورەکە دەیتوانی کارێک بکات نەوت خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی گەرمیان بهێنێت، بەڵام ئەوەمان نەبینی لە گۆڕان و یەکێتی چ لە پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکانی ئەو دو حزبە هاودەنگ بن بۆ ئەوەی پترۆ دۆلار بۆ ئەم سنورە خەرج بکرێت و پرۆژەی پیشەسازی تێدا دروستبکرێت.
لەیاسای ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧دا هاتوە کە خەڵکی ئەو ناوچانەی کێڵگە نەوتیەکانی تێدایە، لە پێشترن بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کاری تێدا دەکەن، بەڵام لە گەرمیان خەڵکی ناوچەکە گلەیی ئەوە دەکەن کە پسپۆڕانی بوارەکانی نەوت و کیمیا سودیان لێ وەرنەگیراوە.
لێپرسراوەکەی بەشی سوتەمەنی ئیدارەی گەرمیان لەمبارەیەوە وتی: زۆر هەوڵمان داوە بۆ ئەوە، بەڵام ئەو پرسە راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە.
لە بارەی دەرفەتی هەلی کار لەلایەن کۆمپانیایی گازپرۆم کە کاری دەهێنانی نەوتی ئەو ناوچەیە دەکات، وەهاب ئەحمەد، وتی: ئەو کۆمپانیایە پێی راگەیاندوین کە لە رێگەی ئیمێڵەوە هەلی کار بڵاودەکەنەوە و بە گوێرەی پسپۆڕی و ئەزمون و پێویستی کارمەند وەردەگرن، بەو هۆیەی دەرچوەکانی بەشە نەوتیەکان و میکانیکیەکان لێرە ئەزمونیان نیە، کۆمپانیایەکی بەو شێوەیە دەرفەتیان پێنادات کاربکەن.
بۆ کۆمپانیاکانی دیکەش بەڕێوبەری ناحیەیی سەرقەڵا ئاماژەی بەوەکرد زۆرینەیان گەرمیانن و خەڵکی ئێرەن، بەنمونە کۆمپانیای گوستنەوەی نەوتەکەی سەروی ٨٠٪ گەرمیانین.
داتای کارمەند و کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە گەرمیان بە فەرمی نیە، ئەوەی هەیە زانیارییە، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: «دەبوایە سەرجەم کارمەندە بیانیەکان و ناوخۆیەکان باجی ئیدارەی ئەم ناوچەیەیان هەبوایە بۆ لایەنی ئەمنی و زانینی زانیاری تەواو لە بارەی کارەکە و چۆنیەتی پلاندانان بۆ سودبینینی خەڵکی دیکە لە ئەزمونی ئەو کەسانە بە بینی خول و چەندین شتی دیکە، لە بەر ئەوەی ئەمە نیە نازانرێت کێ لەوێ کاردەکات بۆ چ مەبەستێکە کارەکە و بۆ ئەو کەسە وەرگیراوە!».

**نە پاڵاوگە هەیە لە گەرمیان بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی سوتەمەنی لێ جیابکرێتەوە، نە کارگەیەک بۆ ئەوەی ئەو نەوتەی لە گەرمیان هەیە لە پیشەسازی بەکاری بهێنن**

### ٢. نەوت نەبوە بە سەرچاوەی پیشەسازی

ئەگەرچی نەوت سەرچاوەی سەرەکی پیشەسازیە، بەڵام نەوتەکەی گەرمیان تەنها لە کاتی دەرهێنانی دا دەبینرێت، دواتر راستەوخۆ هەناردە دەکرێت، نە پاڵاوگە هەیە لەم سنورە بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی سوتەمەنی لێ جیابکرێتەوە، نە کارگەیەک بۆ ئەوەی ئەو نەوتەی لە گەرمیان هەیە لە پیشەسازی بەکاری بهێنن.
بەوتەی چالاکوانان هۆکاری ئەوەی نەتوانراوە ئەو نەوتەی هەیە لە سنورەکە سودی لێببینرێت، بەرپرسانن.
هونەر عەلی، رۆژنامەوان و ئاگەدار لە بواری سامانە سروشتیەکان، دەڵێت: ئەو کەسانەی لە گەرمیان پۆستی ئیداریان هەیە بەهۆی ئەوەی بە پشتگیری حزبی دانراون گرنگی نەدراوە بە توانا و لێهاتوییان، بەم هۆیەشەوە ناتوانن فشار لەسەرو خۆیان بکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان.
لە ساڵی ٢٠١٥ چالاکوانن پرۆژەی کارگەی پیترۆ کیمیای بۆ گەرمیان پێشنیاردەکەن. بەوتەی هونەر عەلی، ئەگەر ئەو پرۆژەیە کاری لەسەر بکرایە دەرفەتی کار بۆ سەروی ٢٠ هەزار کەس دەرەخسا.
پرۆژەکە لە نێوان چەمچەماڵ و گەرمیان بوە بە داتای ورد پرۆپۆزەڵی لە بارەوە ئامادەکرابو.
ئەو چالاکوانە دەڵێت: بۆ ئەوە چاومان بە بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و جێگری سەرۆکی حکومەت و چەندین بەرپرسی دیکە کەوت، بەڵام پرۆژەکە جێبەجێنەکرا.
ئیدارەی گەرمیان، ئەو پلانەی داناوە بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە بە سود وەرگرتن لە نەوت، ئەوەیە ناوچەی پیشەسازی دروست بکەن کە روبەرەکەی دیاریکراوە بە (٢٠٠٠) دۆنم، بەڵام سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان پێیوایە لەم کاتەدا ئەوە قورس دەبێت.
جەلال شێخ نوری وتی: «بەهۆی ئەو باردۆخە ئابوریەی هەیە قورسە لەم کاتەدا وەبەرهێنەران ئەم کارە بکەن، بەتایبەت ئێمە پێویستمان بە وەبەرهێنەرە گەورەکانە بۆ ئەم کارە».

## ٣. نەبونی بۆڕی گواستنەوەی نەوت

«زۆربە ئاسانی دەتوانرێت بۆری بۆ گواستنەوەی نەوتی گەرمیان دروستبکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرپرسی حزبی لە پشتە کە باڵادەستن رێگری دەکەن». کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وا دەڵێت.

بەوتەی ئەو، رۆژانە نزیکەی ٢٥٠ تەنکەر لە نێوان گەرمیان بۆ پاڵاوگەی خورمەڵە هاتوچۆدەکەن.

ئەمە لە کاتێکدایە بۆ ئەوەیی تەنکەرێکی نەوت لە سەرقەڵاوە بگاتە خورمەڵە، دەبێت نزیکەی (٣٧٠) کم ببڕێت بە نزیکەی ٥ کاتژمێر ٣٠ خولەک.

هونەر عەلی، دروستکردنی بۆڕی گوستنەوەی بەستەوە بە کۆمەڵێک سود و وتی: رێگاکانی هاتوچۆ ئەو قەرەباڵەغیەی هەیەتی کەم دەبێتەوە، تێکچونیشی بەوهۆیەوە نامێنیت، هۆکارێکی پیسکردنی ژینگەش کەمدەبێتەوە، بەڵام یەکێک لە گەندەڵیەکانی نەوت لە کوردستان شێوازی گواستنەوەکەیەتی، بە نمونە لە گەرمیانیش بۆچی بە تەنکەر نەوتەکەی دەگوازرێتەوە بۆ دورترین شوێن لەکاتێکدا دەتوانرێت لە سنورەکە پاڵاوگە دروست بکرێت یان بە بۆری بگوازرێتەوە؟».

## ٤. دۆسیەی گواستنەوەی نەوتی گەرمیان بە تانکەر

ماوەی ساڵێکە تەندەری گواستنەوەی نەوتی بلۆکی گەرمیان بۆ هەولێر کەوتۆتە دەسەڵاتی کۆمپانیای گازپرۆم، ئەگەرچی لە ماوەی رابردو ئەم دەسەڵاتە لای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بوە، هۆکاری ئەوەی کە کۆمپانیاکە داوای کردوە لە بری حکومەت خۆی تەندەرین بۆ گواستنەوەی نەوتەکەی بکات بەپێی زانیارییەکان لەبەر ئەوەیە «ژمارەی ئەو بەرمیلە نەوتانەی دەرهێنانی بۆ کردوە دزی لێکراوەو وەک خۆی نەگەشتوەتە شوێنی مەبەست، دەوترێت نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار دەبێت قەبارەی دزیەکە».

کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: بەدواداچونم بۆ ئەم بابەتە کردوە، بەمهۆیەوە کۆمپانیاکە دەستی کردوە بە لێدانی کۆد لەو تەنکەرانەی کە لەلایەن کۆمپانیای گوستنەوەکەوە دیاریکراون لەرێگەی شوێنهەڵگری ئیلیکترۆنی (GPS)ەوە چاودێریان دەکات.

بەڵام شێرکۆ جەودەت ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەبەوەدەکات بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لە بارەی دزینی نەوت لە کاتی گواستنەوەی نەگەشتوەتە دەستیان.

وتی: گرفتەکەی ئێمە نەبونی بەڵگەیە لە بەردەستمان، دەست کەوتنیشی زۆر قورسە بەڵگەی یاسایی و حاشا هەڵنەگر و پشتیوانی لەو گومانانە بکات و بیسەلمێنێت، بۆ ئەوەی بکەرانی روبەڕوی دادگا بکرێنەوە.

سەرباری ئەوەی پرۆسەی تەندەرین و کێبڕکێ ساڵانە ئەنجام دەدرێت، بەڵام چەند ساڵێکە لەلایەن کۆمپانیای (بلاک پوڵ) کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە کاری گواستنەوەی نەوتی هەردو بلۆکی گەرمیان لەساڵی (٢٠١٦) و چیاسورخ لەساڵی (٢٠١٨) دەکات.

دانا حاجی ساڵح، خاوەنداری کۆمپانیاکەیە، دوای دانانی سێ کاتی جیاواز بۆ لێدوان لە بارەی گوستنەوەی نەوتی گەرمیان و هۆکاری مانەوەی ئەم کۆمپانیایە لە کاری گوستنەوە ئەگەر چی ماوەی دو ساڵە تەندەرینەکەشی بۆ دەرناچێت، لەگەڵ قسەکردن سەبارەت بە گرفتەکانی گواستنەوەی نەوت بە تەنکەرو هۆکارێک بۆ روداوەکانی هاوتوچۆ و کۆمەڵێک پرسی دیکە، بەڵام لە کۆتا کاتدا رایگەیاند ئامادە نیە قسەبکات لە بارەیەوە.

ساڵی رابردو تەندەرینەکەی گوستنەوەی نەوتی گەرمیان بۆ کۆمپانیایەک بە ناوی «EOT» دەرچو، بەڵام نەگەشتوەتە رێککەوتن بۆ گواستنەوەی نەوتەکە.

دواتر کۆمپانیای «Rain flood› دەستنیشان کراوە بۆ گواستنەوەی نەوتەکە، بۆ هەرتەنێک بە ١٧ دۆلار، بەڵام ئەم کۆمپانیایەش لەگەڵ شۆفێری بارهەڵگرەکان توشی کێشە دەبێت، گازپرۆم ماوەی کارکردنی (بلاک پوڵ) بۆ ساڵێکی تر درێژکردەوە و نرخەکەی پێشوتری کە ٣٦ دۆلاربوە کەمکردوەتەوە بۆ (٢٤) دۆلار و نەوتەکەی گواستوەتەوە.

بە پێی زانیاریەکان بۆ ئەمساڵ لە کۆی ١٥ کۆمپانیای کێبڕکێکەر، تەندەرەکە بۆ کۆمپانیایەک دەرچوە بەناوی (جهانگیر)، ئەم کۆمپانیایە بۆ گواستنەوەی هەر تەنێک نەوت لە گەرمیانەوە بۆ کێڵگەی ‹خورمەڵە› لەهەولێر، بڕی ١٦ دۆلاری داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم چەند رۆژەی کۆتای مانگی ئازار و لە (٢٠٢١/٣/٢٩) کۆمپانیای گازپرۆمی روسی لە رێگەی ئیمێڵەوە بەسەرجەم کۆمپانیا بەشدارەکانی تەندەرینەکەی راگەیاندوە: گواستنەوەی نەوتی گەرمیانی بۆ دوساڵی تر تاوەکو ساڵی ٢٠٢٣ دامانە بە کۆمپانیای›بلاک پوڵ›.

بە پێی زانیارییەکانی یەکەی چاودێری لەو ئیمێڵەی بۆ کۆمپانیاکانی بەشداری تەندەرەکە کراوە ئەوە هاتوە کە ( سەرجەم کۆمپانیاکان لە روی تەکنیکیەوە سەرکەوتوبون، بەڵام ئەک کۆمپانیایە زیاتر بۆ ئێمە سەرنجراکێش بوە).

## ٥. «دەرهێنانی نەوت لە گەرمیان پشتگوێ دەخرێت»

«دەرهێنانی نەوت لە گەرمیان پشتگوێ دەخرێت بەهۆی ناوچەگەرییەوە» ئەمە ئەو قسەیە جێگەی گومانەو بەردەوام دەوترێتەوە، لێرەشدا نوێنەرانی هەڵبژێردراو جەختی لێدەکەنەوە. شێرکۆ جەودەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەکرد بەحزبی کردنی ناوچەکان ئەو هەڵەیەیە کە دەمێکە خەڵکی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت. وتیشی: لە ئێستاو داهاتوشدا ئاسەوارەکانی دیارە بێگومان دەسەڵاتیک کە شلەژاو و لاوازبێت بێگومان جیاکاری دەکات ئەوەشی کە بەرامبەر گەرمیان دەکرێت مشتێکە لە خەرمانێک.

سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش، ئەمە دەخاتە پاڵ ئەو حزبانەی کە هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەم ناوچەیەن.

کەریم عەلی، دەڵێت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەدەست پارتیەوەیە، وایکردوە کە کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت، زیاتر لە سنوری زەرد وەبەرهێنان بکەن و نەوت دەربهێنن، یەدەگی زۆری نەوت و گاز لە گەرمیان هەیە چەند بیرێک لێدراون، بەڵام نەبەستراونەتەوە بە گواستنەوەی نەوت، ئەمەش بەهۆی نەبونی هەڵوێستە لەلایەن حزبە هەڵبژێردارەکانی ئەم سنورە.

## پێنجەم: لێکەوتەکانی نەوتی گەرمیان

### ١. رێگاوبان و هاتوچۆ

لەماوەی سێ ساڵدا تەنکەرەکانی گواستنەوەی نەوت ١٨ روداوی هاتوچۆیان لە گەرمیان دروستکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی قوربانیەکان نەزانراوە، بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیانیش دەڵێت: رۆژانە سەدان تەنکەر لە شەقام و رێگاکانی دەرەوە هاتوچۆدەکەن ئەمەش ئاستەنگی زۆری دروستکردوە.

محسن مەنسور، بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان، باسی لەوەکرد لە هەروڵاتێک نەوت و گاز هەبێت بۆڕی هەیە بۆ گواستنەوەی تا دەگاتە سەر دەریا، بەڵام لێرە تەنکەرەکانی گوستنەوەی نەوت لەسەر رێگەی هاتوچۆی هاوڵاتیان دەگوازرێنەوە.

لە بارەی ئەوەشی لەگەڵ کۆمپانیای گوێزەرەوەی نەوتی گەرمیان پەیوەندیان هەیە وەک هاتوچۆ بۆ ئەوەی لەو کاتانەی کەمتر رێگاکان قەرەباڵەغە ئەوان نەوت بگوازنەوە، وتی: هیچ پەیوەندیەکمان پێکەوە نیە.

بە گوێرەی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لەماوەی ساڵی (٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٠) ١٨ روداوی هاوتوچۆ بەهۆی تەنکەرەکانی گوستنەوەی نەوت رویانداوە، بەشێوەیەک ١٥ روداویان پێکدادان بوە، ٢ وەرگەڕان و ١ روداویان سوتان بوە.

### ٢. ژینگەی گەرمیان و دوکەڵی بیرە نەوتیەکان

ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە لەناوچەی گەرمیاندا کاریان تێدا دەکرێت بەوتەی پسپۆرێکی ژینگە زیانی جۆراوجۆریان هەیە.

لە ئەنجامی دوکەڵی بیرە نەوتیەکان چەندین گازی ژەهراوی تێکەڵ بە ژینگەی ناوچەکە دەبن، لەوانە گازی یەکە ئۆکسیدی کاربۆن کە گازێکی ژەهراوی کوشندەیە، ئەگەر برێکی زۆری بچێتە خوێنەوە دەبێتەوە هۆی تەنگەنەفەسی تا ئاستی خنکان و ژانە سەر و گرفتی دڵ. لەگەڵ گازی دوەم ئۆکسیدی گۆگرد، کە لە پیسکەرە مەترسیدارەکانی هەوایە. یەکێکی دیکەیە لەگازانە دوەم ئۆکسیدی کاربۆنە کە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی، لەگەڵ چەندین جۆری دیکە.

سەبارەت بە مەودای رۆیشتنی ئەو گازانەی لەئەنجامی سوتانی نەوتەوە دەردەپەڕێن، دڵپاک ئەحمەد، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی ژینگە ئاماژەی بەوەکرد: داتایەکی یەکلاکەرەوەی نیە لە بارەیەوە، ئەو مەودایەی دەیبڕن پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە لەوانە بڕ و چەندێتی گازەکە و ماوەی مانەوەی زیاتر لەهەوادا مەودایەکی زیاتر دەبڕێت لە سەدان مەترەوە دەست پێدەکات تاوەکو سەدان کیلۆمەتر.

سەرباری ئەوەی دوکەڵی چڕی نەوتی سوتاو هەڵگری مادەی هایدرۆکاربۆناتی و ئارۆماتیە کە زیانیان لەسەر تەندروستی هەیە و هۆکارن بۆ نەخۆشیەکانی کۆئەندامەکانی هەناسەو هەرس و شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی دڵ و خوێنبەرەکان کە دەبنە هۆکار بۆ لەبارچونی کۆرپەلە و تێکچونی دروستبونی کۆرپەلە.

چارەسەرکردنی ئەم هۆکارەی پیسکردنی ژینگە بەکۆمەڵە میکانیزمێکی زانستی دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی.

دڵپاک ئەحمەد، باسی لە هەندێک لەو میکانیزمانە کردو وتی: لە رێگەی رێکخستنی پێکهاتەکانی هەوا بە زۆرکردنی روبەری سەوزایی، هەندێک لە روەک هەن کە توانایەکی بەرزیان هەیە لە هەڵمژینی هەندێ پیسکەردا، زانایانی کیمیایی زیندەیی ئەوەیان دۆزیوەتەوە سنەوبەری قەوقازی و سنەوبەری نەمساوی رەش و گەڵای درەختی عودی پێغەمبەران Nigra Pinus و شۆڤان و گەنم و ئۆک، توانای هەڵمژینی ئۆکسیدەکانی ئۆزۆنیان هەیە، هەروەها درەختی سورە چنار لە یەک هێکتاردا توانای هەڵمژینی ١٠٠ کیلۆگرام لە گازی دوەم ئۆکسیدی گۆگردی هەیە.

## ٣. وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناحیەی سەرقەڵا دەکەوێتەکار

بڕیارە ئەو دوکەڵەی لە نەوتی حەسیرەوە دەسوتێت بەبێ هیچ سودێک، بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.
بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، ئاماژەی بەوەکرد: بەشی زۆری کارەکانی تەواوبوە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بڕیارە دەست بە کار بکات و بڕی ئەو کارەبایەی بەرهەمی دەهێنێت، ٦٥ مێگاواتە.
لە مانگی چواری ئەمساڵ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناحیەی سەرقەڵا دەکەوێتەکار و ١٦٥ مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنێت.
حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان لەم بارەیەوە دەڵێت: «کارکردن لە وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بەردەوامە و بڕیارە لە مانگی چوار پرۆژەکە دەست بکات بە بەرهەمهێنانی کارەبا».
ئاماژەی بەوەشکرد: وێستگەی وەبەرهێنانی غازی (١٦٥ مێگاواتی) حەسیرە لە لایەن کۆمپانیای (ئەگریکۆی)بەریتانیەو ڕونیشیکردەوە: پرۆژەکە پشت بەو گازە ‹غاز› دەبەستێت کە لە کێڵگەکە دەردەچێت لەگەڵ دەرهێنانی نەوت دا، بەشێوەیەک ئەو گازە لەرێگەی ئەو وێستگەیەوە دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبا.

## ٤. نیگەرانی دانیشتوانی گوندەکان

بلۆکی نەوتی گەرمیان دەکەوێتە گوندی حەسیرەی ناحیەی سەرقەڵا، ٧٥ماڵ لەم گوندە نیشتەجێن، ٦٥ کەسی گوندەکە لە کێڵگە نەوتیەکە کاردەکەن، ئەنجومەنی گوندەکەش دەڵێت: «نەوت بۆ ئێمە زۆر باش بو، بەڵام تا خۆپیشاندان نەکەین هیچمان بۆ ناکەن».
سۆران حەمەسەعید، باسی لەوەکرد: هەر کۆمپانیایەکی نوێ بێت بۆ کارکردن لە گوندەکەیان دەبێت پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێبکات بە نمونە بنکەی تەندروستی، نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە، یاریگا و هی تر.
دوکەڵی بیرە نەوتەکان ڕاستەوخۆ بەسەر گوندەکەیاندا دەڕوات، سۆران، دەڵێت: «گوندەکەی ئێمە باشترە دوکەڵەکەی لێنانیشێت چونکە نزیکین، گوندەکانی دەوروبەرمان گرفتیان هەیە رەشی و چەوریەکە دەنیشێت لە ماڵەکانیان».
تەنها لەوکاتانەی باران بێت چەوری و رەشی دوکەڵەکان دەنیشێتە ناو گوندی حەسیرە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆنی گۆگرد خەڵکی گوندەکەی هەراسانکردوە بەهۆی کێشە لە بیری ژمارە سێ بلۆکی نەوتی گەرمیان.
سۆران حەمەسەعید، وتی: هەمو خەڵکی گوندەکە هەراسان بون بۆگەنیەکی زۆری دێت، چەند هەفتەیەکە ئەم گرفتەمان هەیە پەیوەندیمان بە کۆمپانی گازپرۆمەوە کردوە پێی وتین چاکی دەکەین با کارەکانی بیری ژمارە چوار تەواو بکەین کە لە ژێر تێستدایە.

## ٥. دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان سودمەند نین لە نەوتی ناوچەکە

هاوڵاتیان لە بارەی نەوتی ناوچەکەیانەوە بە ئومێد نین، دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکانی تایبەت بە بەواری نەوتیش باس لەوەدەکەن جیاکاری دەکرێت بۆ وەرگرتنی دەرفەتی کار لە کێڵگە نەوتیەکان.
ئەیوب سالح، دەرچوی بەشی کیمیایە لە زانکۆی سەلاحەدین و دانیشتوی کەلارە، وتی: نەوت نەبوە بە دەرفەتی کار بۆ ئێمە، بەڵام گەندەڵی دەکرێت لەو رووەوە، بەدەر لەوەی کە داوای ئەزمون دەکەن و ئێمە نیمانە، چونکە من شەش ساڵە خوێندنم تەواو کردوە شوێن نەبوە بەو بوارە کاری تێدا بکەم کەواتە چۆن ئەزمون وەربگرم.
چەندین دەرچوی زانکۆ و پەیمانگاکانی پسپۆری جیاوازی تایبەت بە بواری دەرهێنانی نەوت و دۆزینەوەی نەوت لەم سنورە هەیە، وەک خۆیان دەڵێن: «هیچ ئومێدێکیان بەوەنیە نەوت ببێتە فریاد رەسیان».
شیرین حەسەن، دانیشتوی قەزای کفری، دەرچوی پەیمانگای نەوتە، بێ هیوایە لەوەی نەوتی خاکەکەی ببێتە سەرچاوەی کار بۆی «چەندین ساڵە نەوت لەگەرمیان دەردەهێندرێت، نە بوە بە دەرفەتی کار و نە خۆشگوزەرانی، من نازانم چ پێویست دەکات من ئەم بەشە بخوێنم کە ناهێڵن لە دوریشەوە بیرە نەوتیەکان ببینم؟!».

## ٦. بەهۆی نەبونی ستافی پسپۆڕەوە نەتوانراوە بەشی نەوت لە زانکۆی گەرمیان بکرێتەوە

هەرچەندە گەرمیان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت، بەڵام تا ئێستا لەروی زانستیەوە گرنگی پێنەدراوە و لە زانکۆی گەرمیان بەشی تایبەت بە نەوت نیە.
د.فەرهاد قاد، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان لەبارەی نەکردنەوەی بەشی نەوت لە زانکۆی گەرمیان وتی: پێویستیان بە کەسی پسپۆڕە بۆ کردنەوەی بەشی ئەندازیاری نەوت و ئێستا ئەو پسۆڕیانەیان نیە.
ئاماژەی بەوەشکرد: لەپلانیاندا هەیە و کار بۆ کردنەوەی بەشەکە دەکەن لە داهاتودا.

## بەشی دوەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرئەنجام

١. بەرهەمی رۆژانەی نەوتی سـنوری ئیدارەی گەرمیان رون نیە، ژمارەیەکـی ورد لەمـڕووەوە بەردەسـت نیـە، بـەڵام بەپێی وتەی سـەرچاوەی ئـاگاداری جیـاواز، لەنێـوان (٣٠٠٠٠) بـۆ (٣٥٠٠٠) ــە، بەمپێیەش زۆرینەری بەرهەمی نەوتی پارێزگای سـلێمانی و ئەو سـنورەی کە بە «زۆنی سـەوز» ناسراوە، دەکەوێتە سنوری گەرمیانەوە.

٢. دۆسیەی نەوتی گەرمیان وەک سەرجەم دۆسیەکانی تری نەوتی هەرێم، بە مەرکەزیی و لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە ئیدارە دەدرێت و ئیدارەی سنورەکە هیچ پەیوەندیەکی راستەوخۆی پێـوە نیە جگـە لـە فەراهەمکردنی ئەمنـی، تەنانەت ئـاگاداری وردەکاریەکانی دۆسیەکەش نین.

٣. وەبەرهێنانێـکی تارادەیـەک بـاش کراوە لە دۆسـیەی نەوتی سـنوری گەرمیـان، بـەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کە یەدەگی نەوت و گازی خەمڵێندراوی زۆر زیاترە، دەبو هەوڵی زیاتر بدرایە لەو رووەوە.

٤. بەراورد بە نەوت، گازی سروشتی لە سنورەکەدا وەبەرهێنانێکی ئەوتـۆی تێدا نەکراوە، لەکاتێکدا پێـدراوەکان ئاماژە بەوەدەکەن یەدەگ و جۆر و بڕی گازی سنورەکە زۆر و باشە و سودی زۆری دەبێت.

٥. کەرتی نەوت لە سنوری گەرمیان سەرەتا بە کۆمپانیای بچوک و نەناسـراو دەسـت بەکارکردن تیایدا کرا، بەڵام دواتر کۆمپانیای گەورە بۆ وەبەرهێنان هاتنە سنورەکە، لەنمونەی (گازپرۆم نەفت) ی روسی، کە لە کۆمپانیا مەزنەکانی بواری نەوتە لە جیهان.

٦. ژێرخانـی نەوت لەگەرمیان وەبەرهێنانی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، بەتایبەتـی لە روی گواسـتنەوە و بەسـتنەوەی بـە بۆریی نەوتی نیشتمانی هەرێمەوە.

٧. دەزگا و نوێنـەرە هەڵبژێـردراوەکان (پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا) ئاگادار ناکرێنەوە لە دۆسـیەی نەوتی سـنورەکە، یاخود زانیارییان ناخرێتە بەردەسـت و وەکخۆشـیان دەڵێن رێگریشیان لێدەکرێت بۆ دەستخستنی زانیارییەکان.

٨. وەبەرهێنانـی ئەوتـۆ نەکراوە لە پرۆسـەی پـاش دەرهێنانی نەوتەکـە، بۆنمونـە لـە ئەنجامدانـی پـرۆژەی پترۆکیمیـای و دروسـتکردنی پاڵاوگە، ئەگەرچی لەئێسـتادا وێستگەیەکی کارەبا لە بواری دروسـتکردن دایە کە پشـت بەو گازە دەبەستێت کە لە کێڵگەی نەوتی حەسیرەوە دەردەچێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە.

٩. ئەگەرچـی ناوچەکـە گەورەترین بەرهەمی نەوتی لە سـنوری سـلێمانی هەیە، کەچی لە روی خوێندنی ئەکادیمیەوە هیچ کۆلێژ و بەشێک لە زانکۆ و پەیمانگاکانی سنورەکە بۆ بواری نەوت نیە.

١٠. بەگشتی قەبارەی ئەو دەرفەتی کارەی کە نەوت بۆ هاوڵاتیانی گەرمیانی رەخسـاندوە نازانرێت، بەڵام بەگشتی نیگەرانیەک هەیە لەوەی بەشی پێویست لێی سودمەند نەبون، بەتایبەتی دەرچوانی زانکـۆ و پەیمانـگا، لەبەرامبەریشـدا کۆمپانیاکان لـە وەرگرتنی کارمەنـد دا ئەزمـون و شـارەزاییان بـە هەند وەرگرتـوە تاوەکو هۆکاری جوگرافی.

**ئەو پرۆژانەی لەداهاتی نەوت ئەنجامدراون زۆرتر پرۆژەی بچوک و کەم کاریگەریین**

١١. لە روی ژینگەییەوە دۆسـیەی نەوت لێکەوتەی زۆری بەسـەر ناوچەکەدا هەیە، هەندێکی پەیوەندی بە خودی پرۆسەکەوە هەیە کـە دەبێتـە هۆی پیسـکردنی ژینگـە، هەندێکی تریشـی بەهۆی گواسـتنەوەی کە بەهەمانشـێوە دەبێتە هۆی پیسـکردنی ژینگە، بەڵام بڕ و ئاستی ئەم کاریگەرییە بە وردی نەپێوراوە و نەزانراوە، ئەمەش بەهۆی نەبونی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی ورد.

١٢. ئەو پارەیەی کە بڕیارە لە داهاتی نەوت بۆ سـنورەکە خەرج بکرێت، بڕەکەی رون نیە، هەروەک ئەو پرۆژانەشی کە بەو پارەیە ئەنجامـدراون زۆرتـر پـرۆژەی بچوک و کـەم کاریگەریین، لەگەڵ ئەوەشـدا ٧ لەو پرۆژانەی کە گەورەن و سـەرچاوەکەیان پارەی نەوتـە، راگیـراون بەهۆی قەیرانـی داراییەوە، لـە دیارترینی ئەو پرۆژانەش: نەخۆشخانە سەد قەرەوێڵەییەکەی کەلارە.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. کەرتی نەوتی سنورەکە ناشەفافیەتێکی زۆری تێدایە، بەشێوەیەک خودی حکومەتی خۆجێی سنورەکەش لەبارەی داتا و زانیاری ئەم کەرتەوە بێئاگایە و بەشی پێویست زانیاریی نیە، ئەمە جگە لەوەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاش بەهەمانشێوە بێبەشکراون لە پێدانی زانیاریی.
هەمو ئەمانە و لەپاڵ خۆ بواردنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە قسەکردن لەبارەی ئەم دۆسیەیەوە بۆ ڕاپۆرتی یەکەکەمان، هێندەی تر گومانی لەسەر پرۆسەکە دروستکردوە.
هەربۆیە دەبێت حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ڕاشکاو و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ هاوڵاتیانی سنورەکە و داتا و زانیاریەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و بە بەردەوامیش ئەپدەیتی بکاتەوە.
هەروەک پارلەمانیش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ناچارکردنی حکومەت بە شەفافبونی لەم دۆسیەیەدا و هەروەها چاودێربونی بەسەر ئەم کەرتەوە.

٢. ئەگەرچی یەدەگێکی نەوت و گازی باشی تێدایە، بەڵام هێشتا بەرهەمی نەوتی سنورەکە لەئاستێکی باشدا نیە بە بەراورد بە کێڵگە و زۆنە نەوتیەکانی دیکە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم لەمڕووەوە پلان و بەرنامەی هەبێت بۆ برەودان بە کەرتی نەوتی سنورەکە و بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت بەشێوەیەک بە قازانجی هەرێم و سنورەکە بشکێتەوە.

**پێویستە کەرتی نەوت لە سنورەکە لە دەستی حزب و بەرپرسانی دوربخرێتەوە**

٣. گرنگە لە پاڵ برەودان بە بەرهەمهێنان، هاوکات مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمی نەوتیش پلانی بۆ دابنرێت، بەتایبەتی لەڕوی دروستکردنی پرۆژەی پترۆکیمیای و دانانی پاڵوگە، ئەمەش لەلایەک سودی دەبێت لە بەکارخستنی دەستی کاری سنورەکە، لەلایەکی تریشەوە لێکەوتە ئابوریەکانی بۆ سنورەکە باشتر دەبێت.
گرنگە حکومەت کەرتی تایبەت و کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی ئەم کەرتە بەتایبەت ئەوانەی توانا و ئەزمونیان هەیە، هان بدات و دەرفەتی وەبەرهێنانیان لەم بوارەدا بۆ برەخسێنێت.

٤. پێویستە بەرنامە و پلان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی گواستنەوەی نەوتی سنورەکە، چونکە پشت بەستن بە ڕێگای تەقلیدی بەتانکەری بارهەڵگر، ڕێگایەکی پڕ مەترسی و کێشە و هەروەها زیانیشە، لەبری ئەوە بیر لە دروستکردنی بۆڕی نەوت و گرێدانی بە بۆڕی نیشتمانی بکرێتەوە، کە ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی ستراتیژی.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو گومان و قسەو قسەڵۆکانەی لەبارەی تەندرەکانی گواستنەوەی نەوتی سنورەکە بە تانکەرەوە دروستبون، دەبێت وەزارەتی سامانە سورشیتەکان و ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی دەستپاکی، لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی لەبارەوە بکەن ئەم بوارە ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەوەی بە سودی گشتی کۆتایی بێت.

٥. دروستکردنی وێستگەی کارەبا کە پشت بەو گازە دەبەستێت کە لە کێڵگەی نەوتی حەسیرە دەردەچێت، هەنگاوێکی ستراتیژی و گرنگە، جگە لەوەی ئەو گازەی کە بە فیڕۆ دەچو دەکات بە وزە، هاوکات ڕۆڵیشی دەبێت لە زیادکردنی کارەبا لە هەرێم و گەرمیان.
گرنگە حکومەت بیر لە بایەخدان بە بیرۆکەی لەمشێوەیە بکاتەوە و برەوی زیاتری پێبدات.

٦. هانی حکومەت و ناوەندە ئەکادیمیەکان دەدەین کە توێژینەوەی ورد و زانستی لەبارەی مەترسی و کاریگەریە ژینگەییەکانی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە سنورەکە ئەنجام بدەن، بەپشت بەستن بەو دەرەنجامانەی کە توێژینەوەکان پێیان دەگەن، هەوڵی کەمکردنەوەی زیان و لێکەوتەکان بدەن.

٧. پێویستە کەرتی نەوت لە سنورەکە لە دەستی حزب و بەرپرسانی دوربخرێتەوە، بەڵکو ڕوئیایەکی نیشتمانی لەبارەیەوە گەڵاڵە بکرێت، ئەمەش بە چەسپاندنی یاسا و ڕێگەنەدان بە مەحسوبیەت و پشکپشکێنە. بۆ ئەممەش دەبێت ڕۆڵ بە کۆمەڵی مەدەنی بدرێت چاودێری پرۆسەکە بێت.

٨. لەگەڵ زیادبونی بەرهەم و چالاکبونی کەرتی نەوتی سنورەکە، پێویستە برەودان بەکەرتەکە لە روی ئەکادیمیشەوە زیاتر لبێت، لەم ڕوانگەیەوە پێشنیازی کردنەوەی کۆلێژ و بەشی تایبەت بە نەوت لە زانکۆی گەرمیان و پەیمانگای تەکنیکی کەلار، بە گرنگ دەزانین، لە توێژینەوەکردن لە کەرتەکە و هەروەها پێگەیاندنی کادیری ئەکادیمی.

٩. پێویستە وەک لە یاسای (ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٥ ی پەرلەمانی کوردستان) دیاریکراوە، پترۆ دۆلار بۆ سنوری گەرمیان خەرج بکرێت کە ئەوە مافێکی یاسایی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو داهاتەی لە نەوتەوە بە دەستی دەگات، بۆ پرۆژەی ستراتیژی خەرج بکرێت نەک پرۆژەی لاوەکی و کەم سود.
لەمڕووەوە دروستکردنی دەستە و بۆردێک بە پێویست دەزانین کە حکومەتی خۆجێی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کۆمەڵی مەدەنی پێکەوە تیایدا بەشدار بن و بڕیار لەو پرۆژانە بدەن کە بۆ سنورەکە پێویستە بکرێت.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. رێناس ساڵح

بۆ پەیوەندی
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ - ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net